5 UK

# بازرگانی بەمرۆڤەوە و بەکارهێنانیان

## پرسیارکردن لێت لەبارەی بەکارهێنانتەوە لە چاوپێکەوتنی سەرەتای

چاوپێکەوتنی سەرەتای عادەتەن زۆر بە خێرای لەدوای گەیشتنت بە بەریتانیا ئەکرێ،هەندێ جار لە هەمان ڕۆژی گەشتنت بە بەریتانیا ئەنجام ئەدرێت، وە تۆ هیلاک و ماندوو قەلەقیت، زۆربەی کات مەجالی ئەوە نابێت کە قسە لەگەل پارێزەردا بکەی ،ئامادەبە ،ئەگەر زۆر هەستت بە خراپی کرد ئەوا پێیان بڵێ لە دەستپێکی قسەکانتا.

لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا،پرسیاری ئەوەت لێئەکرێ کە تۆ دوچاری بەکارهێنان بویتەتەوە یاخود بەکارهێنراوی **زۆر گرنگە کە تۆ کارمەندەکە ئاگادار کەیتەوە ئەگەر دوچاری هەر بەکارهێنانێک(ئستیغلاکردن) بویتەتەوە لە کاتی چاوپێکەوتنەکە**

### مانای چییە ئەگەر تۆ بەئامانجگیرابی و بەکارهێنرابی

بەکارهێنان ئەوەیە کە یەکێک بەکارت بێنێ بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی خۆی
وە هەندێک لە نمونەکانی بەکارهێنان ئەمانەن

- زۆرت لێ کرابێت بۆ سێکس کردن لەگەل کەسێک کە خۆت نەت ویستووە یان بە زۆر پێتکراوە
- زۆرت لێکراوە بۆ کە ئیش بۆ کەسێک بکەی بە بێ برامبەر یاخود بە پارەیەکی زۆر کەم بۆ نمونە لا کارگەیەک یاخود کێڵگەیەک یان وەک خزمەتکار
- یاخود زۆرت لێکراوە بۆ کردنی کارێکی نا یاسای وەک گواستنەوەی مادە هۆشبەرەکان
- لەگەل یەکێکدا گەشتت کردووە کە نەیهێشتووە کە بە ئازادانە هالسوکەوت بکەی یاخود بەجێی بهێلی کە خۆت ویستبێتت.
- یاخود دوچاری هەرەشە بوویتەتەوە لە لایە کەسانێکەوە پێیان وتووی کە شکاتت لێ ئەکەن ئەگەر ئەوەی ئەوان ئەیڵێن نەیکەی
- پاسپۆرتەکەیان لێ بردووی بە زۆر لە لایەن کەسانێکەوە بۆ ئەوەی تۆ بووەستێن لە جیابوونەوە لێیان .

### بە کارمەندەکەی چاوپێکەوتنەکەت ئەکات ئاگادار بکەوە ئەگە باکاریانهێناوی(ئیستیغلا یان کردووی)

کاتێک کە کارمەندەکە پرسیارت لێ دەکات سەبارەت بەوەی کە بەکاریانهێناوی(ئیستیغلایان کردووی )،پێویستە ئاگاداری کەیتەوە کە چەند جار دوچاری بەکارهێنان بویتەتەوە پێش دەست پێکردنی گەشتەکەت یاخود لە کاتی گەشتەکەت دا ،تەنها یەکجار پرسیارت لێدەکەن و دەرفەتت هەیە کەواتە **زۆر گرنکە کە هەموو زانیاریە پێویستەکان بخەتە ڕوو بۆیان .**
ئەگەر بە جوانی تێبانگەیەنی ئەوا ئەم پرسیارانەت لێ ئەکەن
: چی بەسەر تۆیا هات ،وە چۆنبوو هەستت
کێی کە تێوەگلاون یاخود بەژداربوونە لە ڕوداوەکە

- لە کوێ بووی لە کاتی ڕودانی ڕوداوەکە
- وە چەنێکی خایاند

### بۆچی گرنگە کە بە کارمەندەکە بڵێین کە دوچاری بەکارهێنان بووینەتەوە

گرنگە کە بە زووترین کات کارمەندەکەی چاوپێکەوتنمان لەگەل ئەنجام دەدات ئاگادار کەینەوە کە دووچاری بەکارهێنان بووینەتەوە ،چوونکە لەوانەیە ئەم زانیاریەو یارمەتیت بدات لە ڕونکردنەوەی ئەوەی بۆچی بۆ تۆ گرنگە کە داوای مافی پەنابەری لە بەریتانیا ئەکەی
ئەگەر کارمەندە باوەری بەوە هێنا کە ئەو ئیستیغلالکردنەی تۆ ئەزموونتکردووە جۆرێکە لە جۆرەکانی بازرگانی پێوە کردن ئەوا ڕەوانەی **میکانیزمی ڕەوانەکردنی نیشتیمانی دەکرێی**،لە دیوی ئەودیوی ئەم لاپەرەیەدا زیاترمان لەسەر نووسیوە

### ئەتوانرێت زیاتر لە سنجدا بمێنمەوە ئەگەر وتم دوچاری ئیستیغلالکردن بوومەتەوە ؟

**ئەکرێ لە سجندا(ڕاگرتن) بمێنینەوە هەرچەندە ئەگەر بە کارمەندەکەشت وتبێت سە دوچاری ئیستیغلالکردن بویتەتەوە**

ئەگەر ڕگیرایت زۆر گرنگە کە کەسانی ناو ناوەندی دەستبەسەرکرنەکە ئاگادار کەیتەوە کە دووچاری ئیستیغلالکردن بوویتەتەوە، وە هەروەها گرنگە کە دەست بەچێ قسە لەگەل محامیەک بکەیت ، چوونکە لەوانەیە ئەم کارەی بەرامبەرت کراوە تۆ لاواز کا و پێویستت بە یامەتی کەسانی دیکە بێ

5 UK

# بازرگانی بە مرۆڤەوە و بەکارهێنانیان

## میکانیزمی ڕەوانەکردنی نیشتیمانی NRM

دوای دادواکردنی پاراستن لە NRM ڕێگایەی جیایە لەوەی بچێتە چوارچێوەی پەنابەرییەوە بە داواکردنی مافی پەنابەی لە بەریتانیا
زۆر کەس کە دوچاری ئیستیغلالکردن یاخود کۆیلایەتە سەردەمیانە بووونەتەوە لەوانەیە داواکاری پارێزگارییان لە NRM و داوای مەفی پەنابەریشیان کردبێ، کەواتە هەردووکیان یەک شت نین

### NRMچییە ؟

دەزگایەکە یاخو دامەزراوەیەکە لە بەریتانیا بۆ یارمەتی دانی ئەوانەی کە قوربانی دەستی قاچاخچیەکان بوونە
لەوانەیە تۆ بازرگانیت پێوە کربێ بەلام چۆن ؟

- کەسێک کە هاوکاری کردویت یاخود زۆری لێکردوویت  بۆ چوونت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە
- لەو ماوەیەدا ئەم کەسە تۆی کۆنترۆڵ کردووە،بۆ نموونە بە تۆی وتووە کە ئەوان ئەشکەنجە یاخود ئازارت ئەدەن ئەگەر ئەوەی ئەوان ئەیلێن تۆ نەیکەی
- ئەم کەسە ئەیەوێت تۆ هانبدا یاخوتد ئیستغلالت بکات.

### چۆن خۆم نقلکەم بۆ NRM؟

ناتوانیت خۆت بۆNRMبگەڕێنیتەوە، ئەمە ئەبێت لە لایەن کەسێکەوە بکرێ کە پێی ئەوترێن first responder واتە کەسی یەکەم لە حالەتەکە تۆمار ئەکات ئەم کەسە ئەکرێت پۆلیس بێت یاخود کارمەندێکی حکومی یان دامەزراوەیەکی خێرخوازی کە ناوی (salvation Army)ە.
ئەگەر تۆ بە کارمەندەکەت وت کە دووچاری ئیستغلالکردن بووی، ئەوا پێویستە ئەوان کەسی یەکەم ئاگادارکەنەوە بۆ ئەوەی نقلیNRM ت بکات **ئەگەر کارمەندەکەی وەزارەتی ناوخۆ تۆی نقلیNRM نەکرد ئەوا پێویستە دەستبەجێ بە کەیس ۆرکەرەکەت(ئەو کەسەی بەرپرسیارە لێت) ئاگادار کەیتەوە** وە داوای لێبکە کە پەیوەندی بە کەسی یەکەمەوە بکەن( first responder )

### ئایا کەسی پەنابەر ی و کەیسی NRM یەک کەیسن؟

کەیسی پەنابەریەکەت و کەیسی NRM ئەکەت یەک کەیس نین و جیاوازن . مانای ئەوەیە کە تۆ مافی پەنابەری لەسەر کەیسی NRM وەرناگری و کەیسی پەنابەری جودایە.
هەرچۆنێک بێت ئەگەر کەیسی NRM دانی پیانرا و بڕوای پێکرا ئەتوانرێت وەک بەڵگە بەکار بهێنرێت بۆ پشتگیریکردنی لە دواکردنی مافی پەنابەریەکەت بە تایبەتی ئەگەر یەکێک لە هۆکارەکانی جێهێشتنی وڵات  و هاتنت بۆ بەریتانیا بەهۆی ئیستیغلالکردن و بەکارهێنانەوە بووبێ.

### پرۆسەی NRM چۆنییە ؟

